روقیەکان - الرقی) و(تەمیمەکان - التمائم) و(تیوەلەکان -) التولة) شیرکن

لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «(روقیەکان - الرقی) و(تەمیمەکان - التمائم) و(تیوەلەکان - التولة) شیرکن»، (روقیەکان - الرقی): هەندێك وتەن ماناکانی نازانرێت کە ناوی شەیتانەکان وهاوشێوەی ئەوانەیە کە ساحیرەکان ئەنجامی دەدەن. (تەمیمەکان - التمائم): کاغەزێکە نووسراوە ودەپێچرێتە ناو شتێك یان شتێکە (چاوەزارێکە) لە دەست دەکرێت یان دەکرێتە ملەوە یان هەڵدەواسرێت کە پێیان وایە لە چاوی پیس وشتی خراپ دەیانپارێزێت. (تیوەلەکان - التولة): زۆرجار ساحیرەکان ئەنجامی دەدەن بۆ ئەوەی دووکەس یەکیان خۆش بوێت یان بۆ ئافرەتان ئەنجامی دەدەن بۆ ئەوەی مێردەکانیان خۆشیان بوێن.

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆمانی ڕوونەدەکاتەوە کە هەندێک شت کردنیان شیرکە، لەوانەش: یەکەم: (روقیەکان - الرقی): هەندێك وتەن ماناکانی نازانرێت کە شیرک یان ناوی شەیتانەکان وهاوشێوەی ئەمانەی تێدایە وساحیرەکان بەکاریدەهێنن ؛ ولە جاهیلیەتدا بۆ شیفاوەرگرتن بەکاردەهێنرا. دووەم: (تەمیمەکان - التمائم): لە موروو وشتی تر دروستدەکرێت دەکرێتە ملی مرۆڤ و ئاژەڵەوە یان هەڵدەواسرێت، یان کاغەزێکە نووسراوە ودەپێچرێتە ناو شتێك کە پێیان وایە لە چاوی پیس وشتی خراپ دەیانپارێزێت. سێیەم: (تیوەلەکان - التولة): زۆرجار ساحیرەکان دەیکەن بۆ ئەوەی دووکەس یەکیان خۆش بوێت. ئەم شتانە شیرکە؛ چونکە شتێک کراوە بە هۆکار، لەکاتێدا هۆکارێکی شەرعی نییە بە بەڵگەوە سەلمێنرا بێت، وهۆکارێکی هەستپێکراو نەبێت کە بەتاقیکردنەوە سەلمێنرا بێت. بەڵام هۆکارە شەرعیەکان وەکو خوێندنی قورئان، یان هۆکارە هەستپێکراوەکان وەکو دەرمانەکان کە بەتاقیکردنەوە سەلمێنراون، ئەمانە ڕێگەپێدراون ؛ لەگەڵ باوەڕبوون بەوەی تەنها هۆکارن، وسوود وزیان هەمووی بەدەستی اللە یە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5273